Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

10.24271/jgu.2023.1010016

# یارییە ئەلکترۆنییەکان و پەیوەندییان بە گونجانی دەروونیی و کۆمەڵایەتییەوە لای منداڵانی تەمەن (4 بۆ 8) ساڵا لەڕوانگەی باوانەوە

**عبدالصمد احمد محمد ، نیهایت فرج محمد امین**

بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی

**Article Info**

Received: January, 2022

Revised: February, 2023

Accepted: April, 2023

**Keywords**

یارییە ئەلیکترۆنییەکان، گەنجانی دەروونیی، گونجانی کۆمەلایەتی.

**Corresponding Author**

## پوختە

لەم سەردەمەدا کە تەکنەلۆجیا بەگشتی و تەکنەلۆجیای دیجیتاڵ و ئەلیکترۆنی بەتایبەتی، بەشێوەیەکی زۆر خێرا و سەرسوڕهێنەر لە پێشکەوتندایە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، ژیانی مرۆڤ بەگشتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاڵۆزییەکی زۆر بەخۆیەوە دەبینێت، ئەمەش ئەو راستییە دەسەلمێنێت کە تەکنەلۆجیا، ئەگەرچی ئاسانکاری بۆ ژیانی مرۆڤ کردووە، بەڵام هەمیشە ئاڵۆزیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. یارییە ئەلیکترۆنییەکانیش وەك بەشێك لە تەکنەلۆجیای سەردەم، مرۆڤ بەگشتی و منداڵ بەتایبەتی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، وای کردووە کە شێوەی ژیانی منداڵ، لەڕوی دەروونی و کۆمەڵایتییەوە، بەشێوەیەکی دیار و بەرچاو گۆڕانی بەسەردا بێت. توێژەر لەم توێژینەوەدا لەم پرسە دەکۆڵێتەوە. ئەم توێژینەوەیدا لە بەشی یەکەمدا، کێشە و گرنگی و ئامانج و سنوری توێژینەوەکە خراوەتە روو. هەر لەم بەشەدا چەند پێناسەیەك بۆ چەمك و زاراوەکانی (یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی دەروونی و گونجانی کۆمەڵایەتی) کراوە. لە بەشی دووەمدا، کە بریتییە لە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە، لە سێ تەوەری سەربەخۆدا، لەڕوی تیۆرییەوە باس لە هەرسێ گۆڕاوی یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی دەروونی و گونجانی کۆمەڵایەتی کراوە. لە کۆتایی ئەم بەشەدا، ئاماژە بە پێنج توێژینەوەی پێشوو کراوە. لەبەشی سێیەمدا، میتۆدی توێژینەوە و کۆمەڵگە و نموونە و راستگۆیی و جێگیریی توێژینەوەکە خراوەتە روو، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاری بەکار هاتووە، نموونەی توێژینەوەکەش بریتییە لە (450) دایك و باوك کە منداڵی تەمەن 4 بۆ 8 ساڵیان هەیە، هەروەها بۆ دەرخستنی ئەنجامەکان، چەندین ئامرازی ئاماری بەکار هێنراوە.

## پێشەکی

### بەشی یەکەم:

### 1-1 کێشەی توێژینەوە:

یاریکردن چالاکییەکە منداڵ پێی هەڵدەستێت بەمەبەستی چێژ لێوەرگرتن و هەستکردن بە خۆشی، نەك بەفیڕۆدانی کات و لاساریکردن، وەك زۆر لە باوکان و دایکان بۆی دەچن، چونکە لە ڕێگەی یاریکردنەوە منداڵ زۆر شت فێردەبێت، لەوانە رۆڵی کۆمەڵایەتی و توخمی خۆی کە لە پاشەڕۆژدا دەبێت بە بەشێك لە کەسایەتی و رەوشتی، هەروەها ئەم چالاکییە گرنگە بۆ گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و جەستەیی و ژیری و هەڵچوونی منداڵ، لەڕێگەیەوە شارەزای ژینگەکەی دەبێت و لە ئەنجامی ئەم دیوو ئەو دیوی ژینگەکەی زانیاری زۆری دەست دەکەوێت.

ئەم چالاکییە زۆر جار دەبێت بە ئامرازێك بۆ رزگاربوونی منداڵ لە زۆر حاڵەتی ترس و دڵەڕاوکێ و گرژی و تێرکردنی هەندێك لە حەز و ئارەزووە کپکراوەکانی ئەو منداڵانەی کە ژینگەی خێزانی و کۆمەڵایەتییان ئاڵۆزو دژوار و پڕ لە گیروگرفتە. (قەرەچەتانی، 2009، 209).

بەڵام وەك دەزانین لە رۆژگارێکی وەك ئەمڕۆدا کە تەکنەلۆژیا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە بە جۆرێك زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە بوونەتە بەکارهێنەری، بێگومان منداڵانیش بەدەر نین لە بەکارهێنانیدا، زۆر جاران تەکنەلۆژیا بۆ یاریکردن وەك (یارییە ئەلکترۆنییەکان) بەکاردەهێنن، بەشێوەیەك کە جێگەی یارییە جەستەییەکانی گرتۆتەوە لای زۆربەی منداڵان،

بەڕادەیەك گەیشتۆتە ئاستی ئالودەبوون بە یاریيە ئەلكترۆنییەكانەوە.

یارییە ئەلکترۆنییەكان لەم سالانەی دوایدا سەریهەڵداوە و بوونەتە دیاردەیەك كە سەرنجەكانی بەلای خۆدا راكێشاوە و بۆتە هۆی ئەوەی كە شایەنی لێكۆڵینەوە بێت، ئەم یارییانە لەسەر دیسكێكی جۆراو جۆر دیزاین كراون بۆئەوەی لەگەڵ ئارەزووی هەموو ئەو كەسانەدا بێت كە لە ئاستی تەمەنە جیاوازەكاندا یارییەكە بەكاردەهێنن تا بەپێی ئامانج و خواستەكانیان بەكاری بهێنن. (قنديل، بدوی، 2006، 36).

هەموو ئەمانەش بەهۆی ئالودەبوون بە یارییە ئەلكترۆنییەكانەوەیە ئالودەبوون بە هەردوو لایەنی ماددی و رەفتاری بە بارێكی نادروست دادەنرێت بەتایبەت وا لەكەسەكان دەكات كە هەوڵی خۆتێركردن بدەن لە بەكارهێنانی هۆكارە ئەلكترۆنییەكان بەهەر رێگەیەك بێت، لەوانەیە بەكارهێنانی بە شێواز و كاتی دروست هەندێ باری ئیجابی و هەست بە كامەرانی دروست بكات لای بەكارهێنەر، لەوانەشە بە پێچەوانەوە، هەندێ باری نەرێنی لێبكەوێتەوە. (المريگ ،2020 ،25)، بەتایبەت لە سەرئاستی گونجانی دەروونی و كۆمەڵایەتی، گونجانی دەروونی و كۆمەڵایەتی بەوبارە دەوترێت كە هاوسەنگی راگیر دەكات لە نێوان كەسەكان و دەورو بەریان لە باری پەیوەست بە هەرسێ رەهەندی كاتی رابردوو و ئێستا و داهاتوو. لەهەمان كاتدا دەبێتە بەڵگەداریی لەسەر بوونی دروستی دەروونی. (الكحلويت ، 2011 ، 15-19).

دەستەواژەی گونجاندن لە ئەدەبیاتی دەروونی و پەروەردەیی و دەرونزانی پەروەردە پانتاییەكی زۆری داگیر كردووە لەوەیە بڵێین بگاتە ئاستێك كە پێناسەی دەروونزانی پێ بكرێت. كە هەندێ لە زانایان دەروونزانی بەو زانستە پێناسەدەكەن كە بریتییە لە زانستی لێكۆڵینەوە لە كردار و رەفتار و گونجاندنە گشتییەكانی مرۆڤ لەگەڵ ناخی خۆی و دەوروبەری. (الزاملی ،2011 ، 28).

بۆیە توێژەران لەم توێژینەوەیدا دەیانەوێت بزانن كە ئایە ئەم بەكارهێنانی یارییە ئەلكترۆنییانە لەلایەن منداڵانەوە زیان بەخشە، یاخود سود بەخشە؟ ئایە بەكارهێنانی یارییە ئەلكترۆنییەكان لەلایەن منداڵانەوە بۆتە هۆی نەگونجانی دەروونی و كۆمەڵایەتی لای منداڵان، یان نا؟ هەر ئەم پرسیارانەش بریتین لە كێشەی توێژینەوەكە.

**2-1 گرنگی توێژینەوە:**

تەمەنی باخچەی منداڵان لە قۆناغەكان ژیانی مرۆڤدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، هەر بۆیە زانایان و پسپۆرانی بواری پەروەردە و دەروونناسیی زۆر چەخت لەسەر ئەو تەمەنەی مرۆڤ دەكەنەوە، كە دیارترینیان (سیگمۆند فرۆید) ە، كە دامەزرێنەری قوتابخانەی دەروونشیكارییە، جەخت دەكاتەوە لەسەر سەرەتا و پێنج ساڵی یەكەمی تەمەنی منداڵ لە دروستبونی كەسایەتیدا، بە تەواوەتی باس لە گەشەكردن و بەرەو پێشچوونی لایەنی دەروونی منداڵ دەكات لەم قۆناغەدا. (زهد، 2016، 114).

توێژینەوەكان باس لە گرنگی یاریكردن دەكەن بۆ منداڵ بەگشتی و منداڵی تەمەنی باخچەی منداڵان و دایەنگا بە تایبەتی، پێمان دەڵێن: (یاری بە منداڵەكەت بكە). مەبەستیش لەم دەربڕینە ئەوەیە كە منداڵ لە رێگەی یاریكردنەوە پێداویستییەكانی خۆی تێر دەكات، كە ئەمەش هۆكارێكە بۆ بەرەو پێشچوونی منداڵ. (بن مرزوق، 2016، 8). لە رۆژگارێكی وەكو ئەمڕۆدا، كە پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا پێشكەوتنێكی بێ وێنەی بە خۆوە بینیوە، بەشێوەیەكە كە دەتوانین بڵێین: زۆربەی تاكەكانی كۆمەڵگەی بەخۆیەوە سەرقاڵكردووە، منداڵیش وەك توێژێكی گرنگ، پشكی شێری ئەو كاریگەرییەی بەركەوتووە. هەروەها بەهۆی گۆڕانكاری لە كلتوری كۆمەڵگاكانیشەوە، شێوازی یاریش وەكو رەگەزێكی گرنگی كلتور، گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە، بۆنموونە: لەجیاتی یارییە جەستەییە چالاك بەخش و بەكۆمەڵەكان وەكو: (ماڵە باجێنە، هەڵماتێن، خەت خەتێن، پێشبڕكی، تۆپتۆپێن، هەڵماقۆ.. هتد). لەم رۆژگارەدا زۆربەی منداڵان ئالودەی یارییە ئەلكترۆنییەكان بوونە. (محمد، 2015، 45).

یارییە ئەلكترۆنییەكان رۆڵێكی گەورەیان هەیە لە پێشكەوتنی هزری منداڵ و چالاكی دەروونی منداڵدا، یارییە ئەلكترۆنییەكان وەك دەرچەیەك وایە بۆ بەتاڵبوونەوەی ئەو وزە زۆرەی كە لای منداڵ هەیە. یارییە ئەلكترۆنییەكان لەئەمڕۆدا لەلستی دڵخوازی خەڵكن كە بەرهەمی تەكنەلۆژیای سەردەمن، یارییە ئەلكترۆنییەكان لەڕووی دەروونی و كۆمەڵایەتییەوە گرنگی خۆیان هەیە.

لەلایەكی تریشەوە، توێژینەوەكان ئەوەیان دەرخستووە كە ئەگەر منداڵا لەڕادەبەدەر سەرقاڵی یارییە ئەلكترۆنییەكان بێت، كاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر منداڵ، دەبێتە مایەی ئەوەی كە ئەو منداڵە زۆرجار نائارامبێت، تەركیزی كەم بێت، زوو هەڵبچێت، خەوی تێكبچێت.. چونكە یارییە ئەلیكترۆنییەكان، دەبنە مایەی كەمی جووڵە لای منداڵا، هەروەها كەمی هەڵمژینی هەوای پاك، چونكە ئەوان زۆربەی كاتەكانیان لە ماڵەوەن، یان بە دانیشتنان، یان پاڵكەوتنەوە سەیری تەلەفیزیۆن دەكەن، یان یاری بە كۆمپیوتەر دەكەن. (بابان، محمد، 2019، 173).

گونجانی كۆمەڵایەتیش بریتییە لە ئاسودەیی تاكەكەس لەگەڵ كەسانی تردا، هەروەها وابەستە بوون بە ئاكاری كۆمەڵگە و رێكردن لەگەڵ داب و نەریتە كۆمەڵایەتییەكان و ملكەچی بۆ كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی و پەسەندكردنی هەر گۆڕان كارییەكی كۆمەڵایەتی كە روبدات، لەگەڵ كارلێكی كۆمەڵایەتی دروست و ئاسودەیی خێزانی. ئەم گونجانە پرۆسەیەكی كۆمەڵایەتییە و چالاكییەكانی تاك و گروپەكان لەخۆ دەگرێت، گونجانی تاك لەگەڵ گروپ و ژینگەكەیدا، یان گروپە جیاوازەكانی تردا، بارێكی هاوسەنگی گونجاوە لەگەڵ ناوەندی كۆمەڵگەدا، ئەمەش بە شێوەیەكی گشتی لە پەیوەندی تاك لەگەڵ خێزان و هاوڕێ و مامۆستایان و كۆی تاكەكانی تری كۆمەڵگەكەیدا دەردەكەوێت و بتوانێت پێوستییەكانی تێر بكات و بەها و نەریتەكانی كۆمەڵگە پەیڕەو بكات. كەواتە توانای تاك لە بنیاتنانی پەیوەندییەكی سروشتی گونجاو لەگەڵ ئەوانی ترداو توانای هەڵگرتنی لێپرسراوێتی كۆمەڵایەتی و دانپێدانانە بەپێوستییەكانی ئەوانەی لەگەڵیدا دەژین. پێچەوانەی هەموو ئەمانەش نەگونجانی كۆمەڵایەتییە. (بۆكانی، 2020، 305). یارییە ئەلكترۆنییەكان كاریگەرییان لەسەر لایەنی دەروونی هەیە ئەگەر منداڵ زۆر

بمێنێتەوە لە بەردەمیا ئەوا بەجۆرێك دەبێت بە تەواوی لە عالەمی راستەقینە دابڕێ وە بەرەو جیهانێکی گریمانەی بڕوات کە ئەمەش توشی نامۆی و دابڕانی دەکات. (خضر، 2020 ، 374) وە کاریگەری هەیە لە سەر قۆناغەکانی گەشە لەڕووی دەروونی و جەستەییەوە وە بەتایبەت لایەنی هەڵچوونی و توونددو تیژی و رەفتاری زیاد و نامۆ ( فتح الله، 2020، 314 ) کە ئەمانەش دەبنە هۆی نەگونجانی دەروونی چونکە، گونجانی دەروونی پرۆسەیەکی دینامیکی بەردەوامە و رەفتار و ژینگە (سروشتی و کۆمەڵایەتی) لەخۆ دەگرێت و لە گۆڕان و هەموار بووندایە لە پێناو هێنانەدی هاوسەنگی لەنێوان تاك و ژینگەکەیدا و پەیوەستە بە سەرکەوتنی ئەو رێوشوێنانەی تاك بۆ هاوسەنگی رێژەیی لەگەڵ دەورو بەرەکەیدا دەیگرێتە بەر. پێچەوانەی هەموو ئەمانەش نەگونجانی دەروونییە. (بۆکانی، 2020، 305).

ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ مامۆستایان و پەروەردەکارانی باخچە چونکە دەبێتە رێنیشاندەرێکی زانستی گرنگ سەبارەت بە يارييە ئەلیکرۆنییەکان و پەیوەندییان بە گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە لای منداڵانی باخچە و رێنمایی کردنی منداڵان لەسەر چۆنییەتی و چەندێتی بەکارهێنانی يارييە ئەلکترۆنییەکان. هەروەها بەشێوەیەکی زانستی باوانی منداڵان ئاشنا دەکات سەبارەت بە پەیوەندی يارييە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی منداڵەکەیان و رێنیشاندەر و بەرچاو رۆشنیان دەکات لە دانانی بەرنامە بۆ منداڵەکانیان و ماوەی رێدان بە بەکارهێنانی يارييە ئەلکترۆنییەکان لە لایەن منداڵکانیانەوە. هەروەها خوێندکارانی خوێندنی باڵا (ماستەر، دکتۆرا).

**3-1 ئامانجەکانی توێژینەوە:**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتین لە:

1 - دەرخستنی ئاستی پەیوەندی يارييە ئەلیکترۆنییەکان بە گونجانی دەروونییەوە لای منداڵانی تەمەن (4 بۆ 8) ساڵا، لەڕوانگەی باوانیانەوە.

2- دەرخستنی ئاستی پەیوەندی يارييە ئەلیکترۆنییەکان بە گونجانی کۆمەڵایەتییەوە لای منداڵانی تەمەن (4 بۆ 8) ساڵا، لەڕوانگەی باوانیانەوە.

3- زانینی پەیوەندی نێوان ئاستی يارييە ئەلیکترۆنییەکان بە گونجانی دەروونییەوە، لەگەڵا ئاستی يارييە ئەلیکترۆنییەکان بە گونجانی کۆمەڵایەتییەوە، لای منداڵانی تەمەن (4 بۆ 8) ساڵا، لەڕوانگەی باوانیانەوە.

4- زانینی ئاستی پەیوەندی يارييە ئەلیکترۆنییەکان بە گونجانی دەروونیی و کۆمەڵایەتییەوە، لای منداڵانی تەمەن (4 بۆ 8) ساڵا، بەلەبەرچاوگرتنی جیاوازی رەگەزی (نێر و مێ) لەڕوانگەی باوانیانەوە.

5- زانینی ئاستی پەیوەندی يارييە ئەلیکترۆنییەکان بە گونجانی دەروونیی و کۆمەڵایەتییەوە، لای منداڵان، بەلەبەرچاوگرتنی جیاوازی تەمەنی (4 بۆ 5)، (5 بۆ 6)، (6 بۆ 7)، (7 بۆ 8) ساڵا لەڕوانگەی باوانیانەوە.

1-4 سنوری توێژینەوەکە:

1- سنوری مرۆی: منداڵانی تەمەن (4-8 )ساڵ.

2- سنوری : کاتی ساڵی خوێندنی (2021- 2022).

3- سنوری جوگرافی : باخچە و خوێندنگەکانی پەروەردەی رۆژئاوا.

4- سنوری بابەتی: يارييە ئەلیکترۆنییەکان، گونجانی دەروونی، گونجانی کۆمەڵایەتی.

5-1 دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان:

یەکەم: یاریی: قویدر 2012: یاریی ئەو چالاکییە زهنییە، یان جەستەییەیە کە تاك پێی هەڵدەستێت، جا گەورە بێت، یان منداڵا لە پێناو بەدەستهێنانی پڕکردنەوەی پێداویستی جیاواز، کە ئەویش یان فێربوونە، یاخود بەتاڵکردنەوەی وزەی زیادەیە، یاخود هەرشتێکی دی کە بەپێی تەمەنەکە دەگۆڕێت. یاریکردن یان تاکییە یان بە کۆمەڵە. (قویدر، 2012، 32).

قندیل 2007: یاریی چالاکییەکی ئاراستەکراوە کە منداڵ پێی هەڵدەستێت بۆئەوەی چێژ و خۆشی لێوەرگرێت، کە ئەمەش بەشدارییەکی گەورە دەکات لە گەشەی کەسایەتی منداڵدا، لەڕووی ژیری و جەستەیی و هەڵچوونی و کۆمەڵایەتییەوە. (قندیل، بدوی، 2007، 17).

دووە: یاریی ئەلکترۆنی: قویدری، 2020: هەموو ئەو یارییانەیە کە تاکەکان بەکاری دەهێنن لەڕێگای ئامڕازە ئەلکترۆنییەکانەوە. (قویدری، 2020، 130).

الشحوری، 2008: جۆرێکە لە جۆرەکانی یاریی کە لەڕێگای شاشەی تەلەفیزیۆن (يارييە فیدۆیەکان) و شاشەی کۆمپیوتەر (يارييە کۆمپیوتەرییەکان) پیشان دەدرێت، و تاك خۆشی لێدەبینێت لەڕێگەی بەکارهێنانی دەست و چاو و توانا ژیرییەکانەوە. (الحشوری، 2008، 30).

سێیەم: گونجانی دەروونی:

زهران، 2007: گونجانی دەروونیی پرۆسەیەکی دینامیکی بەردەوامە کە مامەڵە لەگەڵ رەفتار و ژینگەدا دەکات، بەردەوام لە گۆرانکاریدایە تاوەکو هاوسەنگی دەهێنێتە دی لە نێوان تاك و ژینگەکەیدا. (الداهی، 2008، 19).

جابر، 1995: گونجانی دەروونیی پرۆسەیەکی دینامیکی بەردەوامە کە وا لەتاك دەکات کە هاوسەنگی رابگرێت لە نێوان خۆی و ژینگە کەیدا بەجۆرێك کە گەشەیەکی ئەرێنی دروست بکات بۆ خۆی و دەوروبەری. (جابر، 1995، 40).

چوارەم: گونجانی کۆمەڵایەتی:

حمە، 2019: گونجانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە سازدانی تاك لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا، واتە ژینگەی دەرەکی تاك دەگرێتەوە، ماددی بێت یاخود کۆمەڵایەتی، مەبەست لە ژینگەی ماددی هۆکارە فیزیکییەکانی وەك کەش و هەواو ئامرازەکانی هاتوچۆ، بەڵام مەبەست لە ژینگەی کۆمەڵایەتی هەموو ئەو داب و نەریت و بەهاو بیرو باوەڕ و ئاین و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوە ئابوری و رامیاری و کۆمەڵایەتییەکانە، کە کۆمەڵگەی لێ پێکهاتووە. (حمە، 2019، 58).

## بەشی دووەم:

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو

**1-2 يارييە ئەلکترۆنییەکان:**

2- 1-1 پێناسەی يارييە ئەلکترۆنییەکان:

1- یارییە ئەلکترۆنییەکان ئەو یارییانەن کە بەرنامە بۆکراون لەڕێگەی کۆمپیتەرەوە یارییان پێدەکرێت، یان لەڕێگەی ئامێری تایبەتییەوە کە بەسراوەتەوە بە تەلەفیزیۆن، یان مۆبایل، یان ئەتارییەوە کە لەڕێگەی بەکارهێنانی دەستەوە یارییان پێ دەکرێت. (pepe ,2011,57)

2- جۆرێکە لەو یارییانەی لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆن (یارییە فیدۆییەکان) پیشاندراون، یان لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر (یارییە کۆمپیتەرییەکان) کە چێژ و خۆشی بۆ تاك و بەکارهێنەرەکەی دابین دەکات لەرێگەی بەکارهێنانی چاو و دەستەوە و بەرەنگار بوونەوەی توانا ژیرییەکان لە رێگەی گەشە پیشەپێدانی بەرنامە ئەلکترۆنییەکانەوە. (الواعی، 2017، 8).

3- جۆرێکی نوێیە لەیاری، لەرێگەی ئامێرکانەوە ئەنجام دەدرێت، ئەم یارییانە توانای بیرکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشە لای منداڵ پەرەپێدەدات، توانای بۆ تەرکیزکردن و بەئاگایی زیاد دەکات، بەلاَم لەبەرامبەردا دڵەراوکێی منداڵ زیاد دەکات، بواری کارلێکی کۆمەڵایەتی کەم دەکاتەوە، ئەم یارییانە بەپێی قۆناغەکانی تەمەنیش دەگۆڕێن و جیاوازن لەیەك. (الزبیدی، محمد، 2013، 26-36).

2-1-2 لایەنە خراپەکانی یارییە ئەلکترۆنییەکان:

یارییە ئەلکترۆنییەکان لەم روانەوە کاریگەریی خراپیان هەیە.

1. گرفتی تەندروستی: بەهۆی دانیشتنێکی زۆر بەدیار یارییە ئەلکترۆنییەکانەوە، ئەگەری ئەوەی هەیە کە زیان بەگەشەی مەعریفی منداڵ بگەیەنێت، هەروەها بەهۆی دانیشتنی لەرادەبەدەر منداڵ تووشی قەڵەوی زۆر دەکات و ماسولکە و جومگەکان لاواز دەکات و بەهۆی هەوڵی لەرادە بەدەرەوە پەنجەکان سڕ دەکات، زیان بەچاوەکان دەگەیەنێت. (برهومی، 2020، 121). هەروەها دروستبوونی ئازار لە سەر و مل و...هتد و تێکچوونی خەو و خواردن کە ئەمەش کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر تەندروستی گشتیی جەستە و دەروون. (ابتسام، 2020، 161).

2. گرفتی رەفتاری: توێژینەوەکان دەریانخستووە کاتێك منداڵ دیمەنی توند و تیژی دەبینێت لە تیفی، یاخود لە رێگەی یارییە ئەلکترۆنییەکانەوە پراکتیزەی دەکات و چێژی لێدەبینێت، لە کوشتنی کەسانی تر و تێکدانی ماڵو خانویان بەشێوازێکی نائاسایی، لەمەوە منداڵان و هەرزەکاران فێری ئەنجامدانی تاوان دەبن و منداڵی شەڕەنگێزیان لێ دەردەچێت. (المساجدی، 2020، 212).

3. لایەنی ژیری: یارییە ئەلکترۆنییەکان بەشداری دەکەن لە تێکشکاندنی توانا ژیرییەکان و تواناکانی مێشك، لەوانەش پێشبڕکێ و خێرایی بەدواداچوون، وەك پێشبڕکێی ئوتۆمۆبێل، یاریی جەنگ و شەڕ. زانایان بۆیان دەرکەوتووە کە لەڕاستیدا یارییە کردارییەکان بەشداری لە لەناوبردنی هەندێك خانەی مێشك دەکەن لەماوەی سێ مانگی بەکارهێنانیدا، چونکە کاریگەرییان لەسەر توانای تێگەیشتن و سەرنجدان و جەختکردنەوە (چڕبونەوە) لە منداڵدا هەیە، کاتێك منداڵ بۆماوەی (20) خولەك یاریی دەکات، مامەڵە لەگەڵ لەرینەوەی مێشکدا دەکات، چونکە مێشك لەهەر چرکەیەکدا لە نێوان (14 بۆ 28) لەرینەوەی هەیە، بەلاَم کاتێك لەرینەوەی مێشك دەگاتە (28) لەرینەوە لەچرکەیەکدا، مێشك لەبەرزترین توانایدایە کاتێك مێشك بەو خێراییە کار دەکات لەنێوان (5- 20) خولەکدا، بەهۆی هیلاکی زۆرەوە بەرەو لاوازبوون دەڕوات. (حسین، 2017، 9).

4. لەڕوی دەروونییەوە: یارییە ئەلکترۆنییەکان منداڵ ترسنۆك و گۆشەگیر و تەمبەڵ و شەڕانی دەکات. (الواعی، 2017 ،36).

5. لەڕوی خوێندن و پەروەردەوە: توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کاتێك منداڵی خوار تەمەن (10) ساڵ بۆ ماوەیەکی زۆر یارییە ئەلکترۆنییەکان بەکاردەهێنێت، ئەمە وادەکات کە دەسکەوتەی خوێندنی کەم بێتەوە و لەکۆتاییدا نمرەی کەم بەدەست بهێنێت و ئاستی زانیاری کە بێتەوە. (سید احمد، 2020، 105).

**2-2 گونجانی دەروونی**

**1-2-2 پێناسەی گونجانی دەروونی:**

گونجانی دەروونی بریتییە لە هاوسەنگراگرتنی دەروون و جەستە، کە تاك بەدەستی دەهێنێت لە دوای خۆگونجاندنی خود لەگەڵ ژینگەی سروشتی دەورووبەری، یاخود ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا دەژی، ئەویش بەمەستی بەردەوامیدان بە ژیان و مانەوەی لەو ژینگەیەدا. (العسبول، فتیل، 2019، 135).

سەبارەت بە پێناسەی گونجاندنی دەروونی (عزیز) بەمشێوەیە دەیناسێنێت: بریتییە لەو رەفتارانەی کە مرۆڤ تێیدا هەموو یەکە دەروونییەکانی بەشێوەیەکی رێکوپێك کاردەکات بەشێوەیەك کە کەسایەتییەکی دروستی هەبێت و پەیوەندی لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە کارلێکی لەگەڵ دەکات پەیوەندییەکی هاوسەنگ بێت و هەست بە ئارامی دەروونی بکات. (عزیز، 2017، 272).

**2-2-2 تیۆرییەکانی گونجانی دەروونی:**

1. تیۆری دەروون شیکاریی:

دامەزرێنەری ئەم بیردۆزە (سیگمۆند فرۆید)ە، کە لە ساڵی (1900) تیۆرییەکەی خۆی سەبارە بە شیکردنەوەی خەونەکان ئاشکرا کرد، فرۆید جەختی لەسەر سێ بابەتی سەرەکی کردووەتەوە کە بە بۆچوونی ئەوکاریگەریی زۆریان هەیە لەسەر کەسایەتی مرۆڤ، ئەویش (پێنج ساڵی یەکەم لە تەمەنی مرۆڤ، هێزی نەست، سێکس). (عەزیز، 2017، 37).

بەبڕوای فرۆید کراری گونجان زۆربەی جار پێکهاتەکەی بەشێوەی نەستییە، چونکە زۆربەی کات، تاك هۆشیاریی تەواوی نییە سەبارەت بە هۆکارە ڕاستییەکانی رەفتارەکانی، کەسی گونجاو ئەو کەسەیە کە توانای هەیە پێداویستییە داواکراوەکانی (ئەو) بەدەستبهێنێت لە رێگەیەکی گونجاو و کۆمەڵایەتی، ئەو پێویوایە کە شێوازە بنەڕەتییەکانی کەسێتی گونجاو، گونجاوە لەگەڵ دروستی دەروونی کە خۆی لە سێ لایەندا دەبینێتەوە کە بریتییە لە: (هێزی من) لە لێهاتوویی کاردا و توانای بەسەر خۆشەویستیدا، منی بەهێز دەستدەگرێت

بەسەر (ئەو) و (منی باڵا)دا و هەوڵدەدات هاوسەنگی لە نێوانیاندا دروست بکات. (سفان، 204، 163).

2. تیۆری ڕەفتارگەرایی:

هەریەکە لە (ئیفان و بافلۆف و واتسۆن و سکینەر) کە بەناوبانگرین دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە دادەنرێن، پێیانوایە گونجان و نەگونجان تەنیا ڕەفتارێکی فێرکراوە واتە دەستخراوە، بەهۆی ئەو شارەزاییانەی کە تاك دەستیخستووە، جەخت دەکەنەوە کە گونجان کۆی ئەو نەریتانەیە کە تاك لە پێشوودا فێری بووە و بەشداری لە کەمکردنەوەی دودڵی و ناکۆکی لای تاك، هەروەها یاسای ئەم ڕێبازە بریتییە لە هەموو ورووژێنەرێك وەڵامدانەوەی خۆی دەبێت. (عزیز، 2017، 36).

تیۆری ڕەفتارگەرایی سەبارەت بە گونجان کردارێکی دەستکەوتەیە کە لەڕێگەی فێربوونەوە دەستدەکەوێت، یان ئەو شارەزاییانەی کە بەدرێژایی ژیانی، تاك فێری بووە، ڕەفتارەکانی گونجان پەیوەندیی بە وەڵامدانەوەی بەرەنگارییەکانی ژیانەوە هەیە، کە هەردوو بواری سەرکەوتن و شکستهێنان دەگرێتەوە، هەریەکە لە (واتسۆن و سکینەر) پێیانوایە کە کرداری گونجانی کەسی ناکرێت لەڕێگەی گەشەکرنی تواناو لێهاتوویی هەستییەوە بەدیبهێنرێت، بەڵکو بەشێوەیەکی سروشتی لەڕێگەی کارلێککردنی تاکەوە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا بەدیدێت. (السراج، 2011، 47).

3. تیۆری کۆمەڵایەتی:

لە گرنگترین کەسانی ئەم تیۆرییە (فردرك و ونهام)ە، پێیانوایە کە پەیوەندیی هەیە لەنێوان ڕۆشنبیری و شێوازەکانی گونجان، ئەوان پێیانوایە کە چینەکانی کۆمەڵگە کاریگەرییان هەیە لەسەر گونجانی دەروونی، بۆ نموونە ئەوانەی کە زیاتر خاوەنی سەرمایەن مامەڵەی بازرگانی دەکەن هۆکارەکانی دروستبوونی گرفتەکانیان بریتییە لە گرفتی فیزیایی، ئەمەش وادەکات کە کەمترین هەوڵیان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم دەروونیان، بەڵام ئەوانەی کە بە چینی کۆمەڵایەتی بەرز ناسراون هەوڵدانیان بۆ چارەسەرەکان بەشێوازێکی دەروونییە کەمترین ئارەزووی چارەسەری گرفتەکان دەکەن بەشێوەی فیزیایی. (لبزید، 2015، 67).

**3-2: گونجانی کۆمەڵایەتی:**

**2- 3- 1 پێناسەی گونجانی کۆمەڵایەتی:**

- گونجانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە ئاسوودەیی تاکەکەس لەگەڵ کەسانی تردا، هەروەها وابەستە بوون بە ئاکاری کۆمەڵگە و ڕێکردن لەگەڵ داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و ملکەچی بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و پەسەندکردنی هەر گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی کە روبدات، لەگەڵ کارلێکی کۆمەڵایەتی دروست و ئاسوودەیی خێزانی. ئەم گونجانە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و چالاکییەکانی تاك و گروپەکان لەخۆ دەگرێت، گونجانی تاك لەگەڵ گروپ و ژینگەکەیدا، یان گروپە جیاوازەکانی تردا، بارێکی هاوسەنگی گونجاوە لەگەڵ ناوەندی کۆمەڵگەدا، ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی لە پەیوەندی تاك لەگەڵ خێزان و هاوڕێ و مامۆستایان و کۆی تاکەکانی تری کۆمەڵگەکەیدا دەردەکەوێت و بتوانێت پێوستییەکانی تێر بکات و بەها و نەریتەکانی کۆمەڵگە پەیڕەو بکات. کەواتە توانای تاك لە بنیاتنانی پەیوەندییەکی سروشتی گونجاو لەگەڵ ئەوانی ترداو توانای هەڵگرتنی لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتی و دانپێدانانە بەپێوستییەکانی ئەوانەی لەگەڵیدا دەژین. پێچەوانەی هەموو ئەمانەش نەگونجانی کۆمەڵایەتییە. (بۆکانی، 2020، 305).

- ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لە ڕەفتار و ئاراستەو داب و نەریتی تاکدا ڕوودەدات، بە مەبەستی گونجاندنی لەگەڵ ژینگە و پێکهێنانی پەیوەندییەکی گونجا و لەگەڵ ژینگەکەیدا، ئەوەش بۆ پڕکردنەوەی خواستەکانی تاك و پێداویستییەکانی ژینگەکەی (الحجار، 2003، 8).

2- 3 -2 ئەوتیۆرانەی شرۆڤەی گونجانی کۆمەڵایەتی دەکەن:

1. تیۆری ڕەفتارگەرایی:

لای ڕەفتار گەرایەکان گونجان بریتییە لەو ئەزمونانەی تاك وەریاندەگرێت و وایلێدەکەن کە شایستەی ئەوەبێت تێبینی لۆژیکییانە بۆ شت و دیاردەکان بکات، هەرچی ڕەفتارگەرای مەعریفییە وەك (ئەلبێرت باندۆرا و مایکلا ماهۆنی) پێیانوایە زۆربەی ئەرکە مرۆییەکان لە حاڵەتی بەئاگایی تاکدا ڕودەدەن و بەباشی لە هزر و چەمکە بنەڕەتییەکانی ئەو دیاردەیە تیدەگەن. (سفیان، 2004، 142).

2. تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی:

دەرونناسی مرۆیی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هاوکاری تاك دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی بگونجێنیت لەگەڵ دەوروبەر لەڕێگەی پەسەندکردنی خەڵکەوە بۆ تاك و هەستکردنی تاك بەوەی مرۆڤێکە و بەهای خۆی هەیە، هەر لەوێشەوە تاك بەشوێن خۆیدا دەگەڕیت و ئەو بیرو هەست و سۆزانەی تا ئیستا شاردرابوونەوە دەریاندەبڕیت، هەوڵ دەدات لەلایەن خەڵکیترەوە پەسەند بکرێن و بەوشێوەیە گونجانی دروست بخولقێت. (عوض، 1990، 91).

زانای بەناوبانگ، (ئەبرەهام ماسلۆ) هەندێك پێوەری داناوە بۆ گونجاندن وەك:

1. پەیبردن بەواقیع (فاکت) بە بەرچاوڕوونی.
2. پەسەند کردنی خود.
3. جەختکردنەوە لەسەر خود.

هەموو ئەمانەش پاڵ بەتاکەوە دەنێت کە بەشێوەیەکی ئەرێنی لەگەڵ خودی خۆی و خەڵکیتردا بگونجێ (عوض، 1990، 92).

3. تیۆری بایۆلۆژی:

ئەم تیۆریە جەخت لەسەر لایەنی بایۆلۆژیی گونجاندن دەکاتەوە، دەبینین جۆرەکانی خراپ گونجاندن دەگەڕێتەوە بۆ چەند نەخۆشییەك کە توشی خانەکانی لەش و مێشك دەبن، ئەم نەخۆشیانەش بەچەند جۆرێك دەردەکەون، هەیانە بۆماوەییەو هەیانە بە درێژایی ژیان کەسەکە توشی دەبێت بەهۆی پێکانی جەستەیی کە لەدەوروبەرەوە توشی دەبێت، یاخود بەهۆی شلەژانی دەروونییەوە کە ئەویش کار دەکاتەسەر هاوسەنگی هۆرمۆنەکان بەهۆی فشاری دەروونییەوە. (سعید، 2008، 111).

ئەو تیۆریسینانە پێیانوایە پرۆسەی گونجاندن پشت دەبەستێت بە دروستیی دەروونیی، بۆیە گونجانی تەواوی تاك بریتیە لە(گونجانی جەستەیی) واتە دروستیی ئەرکەکانی جەستە

بەهەموو جۆرەکانییەوە، مەبەســتیش لە گونجان لەم تیۆرەدا ئەوەیە چالاکییەکانی جەســتە هارمۆنی بن لەنێوان خۆیاندا، چونکە نەگونجانی چالاکییەکانی جەســتە بەهۆی تێکچوونی هۆرمۆنی، یان چالاکیی، یان ئەرکێك لە ئەرکەکانی جەســتە. (سعيد، 2008، 112).

4. تیۆری دەروونشیکاریی:

فرۆید وایدەبینێت کە پرۆســەی گونجان لای تاك بەزۆری نەســتییە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە تاك هەســت بە هۆکارە ڕاستەقینەکانی زۆربەی ڕەفتارەکانیان ناکات، بۆیە کەسی گونجاو ئەو کەســەیە کە دەتوانێت خواســتە پێویســتەکانی خۆی بەدەســت بێنێت بە ڕێگەی شــیاو لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە. (عبدالمجيد، 2009، 182).

فرۆید ڕایوایە کە گونجان لای تاك گرنگی دەدات بە بوونی (من) توانا لەســەر ئەفراندنی حاڵەتێك لە هاوســەنگی لەنێوان (منی باڵا) و (نزمە من)، هەرچەند پێیوایە کە هەندێك میکانیزمی بەرگری لە خۆکردن جۆرێ لە گونجاندن دەخوڵقێنیت، بەڵام بەکارهێنانی ئەم جۆرە گونجاندنە لەلایەن تاکەوە وێنەی نەگونجاو وشــاز لەســەر گونجان دروســت دەکات، واتە ئەو گونجانە ئاســاییەی کە لەکاتێکدا دروســت دەبێت کە تاك بتوانێت حاڵەتی دژبەیەکبوون لەنێوان خواســتەکانی تاك و ژینگەکەیدا کۆتایی پێ بێنێت، واتە جێگیرکردن، ئەویش لەڕێگەی خۆشــویســتن و کاری بەرهەمدارەوە. (عبدالمجيد، 2009، 142).

- زانای بەناوبانگ (گۆســتاف یۆنگ) ســەیری مرۆڤ دەکات وەك بونەوەرێك کە ســیســتمێکی ئامانجدار زاڵە بەســەریدا و بەرێوەی دەبات، واتە مرۆڤ دەرواتێتە ئاینــدە بۆ ئەوەی بتوانێت کەســێتی خۆی بســەلمێنیت، هەروەها ســیســتمێکی هۆکاری زاڵە بەســەریدا چونکە لەهەمان کاتدا دەڕوانێت بۆ ڕابوردوش. (الشادلى، 2001، 10).

- زانای بەناوبانگ (ئەلفرێد ئەدلەر) وایدەبینێت کە گونجانی دوو ڕووی هەیە، گونجانی دروست و گونجانی نادروست. ئەو لەڕێگەی هەوڵدانی بەردەوامی تاکەوە بۆ ســەرکەوتن بە دوو ئاڕاستە ئەم دوو جۆرە دەناسێتەوە، ئەوانیش ئاڕستەی دەماری (العصبى) کە بریتییە لە بەکارهێنانی هێز و زاڵبوون، ئاراســتەی دووەمیش بریتییە لە هەســتە کۆمەڵایەتییەکان، وەك حەزکردن بە کۆمەك و هاوکاری بەرەو کامڵبوون.

دەبینین لێرەدا (ئەدلەر) هەمان ڕێبازی (فرۆید)ی بەکارهێناوە، میکانیزمی بەرگریی وەك قەرەبوو بەکارهێناوە و بایەخێکی تایبەتی پێداوە بۆ بەدیهێنانی هاوســەنگی لای تاك، لەم ئاراســتە دەروونییەشــدا چوار جۆری گونجانی دیاریکردووە: یەکەمیان ئەرێنیە کە ناوی ناوە جۆری ژیانی دروســت، کە لە ئەزموونی خێزانییەوە هەڵدەقوڵێت، سێ جۆرەکەیتر نەرێنین، ئەوانیش جۆری زاڵبوون و حوکم و جۆری وەرگرتن و دواجار جۆری پەراوێزبوون و دابڕان. . (الشادلى، 2001، 12).

**توێژینەوەکانی پێشوو:**

یەکەم- توێژینەوەکانی پێشوو سەبارەت بە یارییە ئەلکترۆنیەکان:

1- توێژینەوەی (قهلوز، منیر، فاگمە عرقابى) ســاڵی(2020) بە ناو نیشــانی (الالعاب الألكترونية وعلاقتها بالتحصــيل الدراسى لدى تلاميڑ المزحله الابتدائيه) جامعة الباتنه الجزائر. ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی کاریگەریی یارییە ئەلکترۆنییەکان لای منداڵانی ســەرەتایی. میتۆدی توێژینەوەکە وەســفییە. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (30) دایك و باوكی ئەو منداڵانەی کە یاریی ئەلکترۆنی بەکار دەهێنن. ئامرازی توێژینەوەکە فۆرمی ڕاپرســییە. ئامرازە ئامارییەکان: (ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەیی، هاوکێشەی پێرسۆن) بەکار هاتوون. دەرئەنجام دەکەوت کە پەیوەندی هەیە لە نێوان یارییە وئەلکترۆنییەکان و دەســکەوتەی خوێندن، تا یارییە ئەلکترۆنییەکان زیاتر بەکار بهێنرێت دەسکەوتەی خوێندن کەم دەبێتەوە.

2- توێژینەوەی (الانصــارى)، ســاڵی (2020)بە ناونیشــانی (الألعاب الألكترونية ومدى تأثيرها فى تكوين يقافه الطفل) - كلية الآداب والعلوم الإنســانيه – جامعة گيبه. ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دەستنیشانکردنی پاڵنەرەکانی منداڵ بۆ یارییە ئەلکترۆنییەکان، ناســاندنی لایەنە باشــەکانی یارییە ئەلکترۆنییەکان لەســەر ڕۆشــنبیری منداڵ، ناساندنی لایەنە نەرێنییەکانی یارییە ئەلکترۆنییەکان لەســەر ڕۆشــنبیری منداڵ. میتۆدی توێژینەوەی بەکارهاتوو بریتییە لە میتۆدی وەســفی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە دایك و باوکە فەرمانبەرەکانی زانکۆی تیبە، کە ژمارەیان (322) کەســن. نموونەی توێژینەوەکە بە شێوازی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردران کە بریتی بوو لە (151) کەس. ئامرازی توێژینەوەی بەکارهاتوو بریتییە لە فۆرمی ڕاپرسی. ئامرازە ئامارییەکانیش بریتین لە (ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوانەیی، هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ). دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە یارییە سەرکەشییەکان لەپێشەوەی ئەو یاریانەن کە منداڵان بەکاریان دەهێنن، دواتر یاریی دروستکردن و دامەزراندن، پاشان یاریی توندو تیژی و شەڕکردن، دواتریش یاریی ئۆتومبێل و پێشبڕکێ. دەرکەوتووە کە منداڵان زیاتر لە کاتی بەتاڵدا یارییەکان دەکەن، بەتایبەت لەکاتی پشــوەکاندا، پەرە پێدانی منداڵ لە بواری تەکنەلۆجیا، توانای ڕوبەڕو بوونەوەی ترسەکان....هتد.

دووەم- توێژینەوەکانی پێشوو سەبارەت بە گونجانی دەروونی:

1- توێژینەوەی (المطيري، خالـد): لەســاڵی (2020) ئەنجامدراوە بە ناونیشانی (مستوى التوافق النفسى والاجتماعى للتلميڑات ژوات صــعوبات التعلم من وجهه نڤر معلمات الصــف العـادى فى مدينه جده) لە 25-12-2020 لە گۆڤاری(المجله العربيه لعلوم الإعاقه والموهبه) بڵاوکراوەتەوە لە جدە.

لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە، دەستنیشانکردنی ئاستی گونجانی دەروونیی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو قوتابیانەی کە ئاستەنگی فێربوونیان هەیە لەڕوانگەی مامۆستایانی پەروەردەی گشــتی و دەســتنیشــانکردنی ئاســتی گونجانی دەروونیی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو قوتابیانەی کە ئاســتەنگی فێربوونیان هەیە لەڕوانگەی مامۆســتایانی پەروەردەی گشــتی و پەیوەندی بە هەندێك گۆڕاوەوە وەك: نمرەی ئەکادیمی و ژمارەی ســاڵەکانی ئەزموون وشارەزایی ئەکادیمی و تایبەتمەندی زانستی خوێندنی کۆمەڵگە. میتۆدی بەکارهاتوو لەتوێژینەوەکەدا، بریتییە وەسفی

شیکاری، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سەرجەم مامۆستایانی خوێندنگە سەرەتاییەکان بۆ پۆلەکانی (چوار و پێنج و شەش) لە قوتابخانە حوکمییەکان کە پرۆگرامی ئاستەنگی فێربوونی تێدایە لە جدە بۆ ساڵی خوێندنی (2019-2020). نموونەی توێژینەوەکەش بریتییە لە (187) مامۆستا لە مامۆستایانی پۆلەکانی (چوار و پێنج و شەش) کە بەشێوەی هێشووی هەڵبژێراون. ئامرازی توێژینەوەکە بریتییە لە فۆرمی راپرسی، ئامرازە ئاماریە بەکارهاتوەکانیش بریتین لە (ڕێژەی سەدی، ناوەندە ژمێرەیی، هاوکێشەی پێرسۆن، هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ، One-Way Anova، تاقیکردنەوەی شیفە). گرنگترین دەرئەنجامەکانی بریتین لە ئەو مامۆستا مێیانەی کە بڕوانامەی دبلۆمیان هەیە زانیارییان زیاترە لەسەر قوتابی و ئاستی تێگەیشتنیان.

2- توێژینەوەی (بوشامە، غویل) لەساڵی (2016) ئەنجامدراوە بە ناونیشانی (دور الروجه فی تحقیق التوافق النفسی— والاجتماعی لدی الطفل)لە زانکۆی (محمد الصدیق یحی جیجل) لە جزائر.

لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە تیشك خستنە سەر گرنگی باخچەی ساوایان لە رووی دابینکردنی بەهاو لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکانەوە کە هاوکاری دەکات لە خۆگونجاندنی خێرا و تێکەڵبوونی لەگەڵ کۆمەڵگە بە گشتی و قوتابخانە بەتایبەتی، دیاریکردنی پەیوەندی نێوان باخچەی ساوایان و گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵ، تیشکخستنە سەر رۆڵی باخچەی ساوایان وەك خانەیەکی بەدیلی بەرپرس لە پەروەردەکردنی منداڵ و بەدیهێنانی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی، دیاریکردنی رادەی کاریگەریی پرۆگرامەکان لە بەدیهێنانی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ منداڵ، دیاریکردنی ئەو خزمەتانەی کە لەلایەن باخچەوە پێشکەش منداڵ کراوە. میتۆدی توێژینەوەکە بریتیە لە میتۆدی وەسفی شیکاریی، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە دایەنانی باخچەی دینەی حوکمی کە 33 دایەنن. ئامرازی توێژینەوەکە بریتییە لە فۆرمی راپرسی و تێبینی کردن، بەڵگەنامەکان و تۆمارکراوەکەسییەکان، دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەریدەخات کە باخچەی منداڵان رۆڵی هەیە لە بەدیهێنانی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای منداڵان، پێشنیارو راسپاردەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە: پێویستە پەروەردەکاری بەتوانا لە باخچەکاندا هەبن و پێبگەیەنرێن لە هەموو بوارەکاندا بۆئەوەی دەوڵەمەند بن بە زانیاری و میتۆدو شێوازی جۆراو جۆر لە مامەڵە، تاکو توانای مامەڵردن و تێگەیشتنی زیاتریان هەبێت، پێویستە بەرنامە و پرۆگرامەکانی باخچە لەناو بەرنامەکانی وەزارەتی پەروەردەدا رێکبخرێن بە لەبەرچاوکرتنی ئەوەی کە باخچە وەك قوتابخانەیەکی ئامادەکار دادەنرێت کە پێش قۆناغی سەرەتایی دەکەوێت لە روی ئامادەکردنی منداڵەوە.

سێیەم- توێژینەوەکانی پێشوو سەبارەت بە گونجانی کۆمەڵایەتی:

1- توێژینەوەی (کمال) ساڵی (2012) بە ناونیشانی (المناخ المدرسی وعلاقه بالتوافق النفسی— والاجتماعی لدی المراهق) کلیة علوم الاجتماع – جامعة وهران، ئەنجام دراوە. ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە ناساندنی پەیوەندی نێوان کەش و هەوای خوێندنگە و پەیوەندی بە گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە لای هەرزەکاران قۆناغی ناوەند، میتۆدی بەکار هاتوو (وسفی)یە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە (13100) خوێندکار لە ویلایەتی سەید بالعباس بۆ ساڵی خوێندنی (2011-2012). نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (278) خوێندکار. ئامرازی توێژینەوەکە بریتییە لە فۆرمی راپرسی. ئامرازە ئامارییە بەکارهاتوەکانیش بریتین لە: (ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەیی، هاوکێشەی پێرسۆن، تاقیکردنەوەی (LSD). ئەنجامەکان دەری دەخەن کە پەیوەندی هەیە لە نێوان کەش و هەوای قوتابخانەی کراوە و گونجانی گشتیدا، هەروەها پەیوەندی نییە لە نێوان کەش و هەوای قوتابخانەی داخرا و و گونجانی گشتیدا، جیاوازی هەیە بەپێی رەگەز و لە بەرژەوەندی مێدایە.

2- توێژینەوەی (دوفی، مرصالی، جمال) ساڵی (2020) بە ناونیشانی (القلق الاجتماعی وعلاقته بالتوافق النفسی— والاجتماعی لدی گلبە جامعة البلیدە 2فی ڤل جائحە کورونا والحجر الصحی) جامعة بلدیە 2 –جزائر، ئەنجام دراوە. ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی ئاستی قەلەق کۆمەڵایەتی لای خوێنکار لە سەردەمی کۆرۆنادا، دەرخستنی پەیوەندی نێوان قەلەقی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای خوێندکار لە سەردەمی کۆرۆنادا. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە 140 خوێندکاری ماستەر پسپۆڕی دەروونزانی بۆ ساڵی خوێندنی (2019-2020). نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردراوە، کە بریتییە لە (60) خوێندکاری بەشی کۆمەڵناسی لە ساڵی یەکەم و دووەم پسپۆڕی دەروونزانی کلینیکی. ئامرازی توێژینەوەکە بریتییە لە فۆرمی زانیاری. ئامرازە ئامارییەکان بریتین لە: (ڕێژەی سەدی، ناوەندە ژمێرەیی، هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ، تاقیکردنەوەی تائی). دەرئەنجامەکان بریتین لە: (کەمی قەلەقی کۆمەڵایەتی لەلای خوێندکارانی زانکۆی بەلەدیە لە سەردەمی کۆرۆنادا، پەیوەندییەکی سالب هەیە لە بەینی گۆڕاوی توێژینەوەکەدا).

## بەشی سێیەم

## ڕێکارەکانی توێژینەوە:

### 3-1: میتۆدی توێژینەوە:

توێژەر بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی و لە جێبەجێکردنی هەنگاوە زانستییەکانیدا، میتۆدی (وەسفی - شیکاریی)، بەکارهێناوە. ئاشکرایە کە میتۆدی وەسفی ئەو دیاردەیە دەخوێنێتەوە کە لە واقیعدا هەیە بە وەسفکردنێکی ورد و ناساندنی چۆنییەتی دیاردەکە و روونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی، هەروەها چەندێتی لە میانەی وەسفی ژمارەیی، کە بڕی دیاردەکە و قەبارەکەی پیشاندەدات، لەگەڵا ئاستی پەیوەستبوونی بە دیاردەکانی ترەوە. (محمد، 2012، 89).

### 2-3: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە کۆی ئەو یەکە و رەگەزانەی دیاردەیەك، کە توێژەر لەبارەیەوە توێژینەوە ئەنجامدەدات، دەگونجێت ئەو یەکەو رەگەزانە تاك، خێزان، قوتابخانە، کارگە،

دامەزراوە بێت. (امین، 2015، 77). کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەش پێکدێت لە منداڵانی تەمەن (4 – 8) ساڵان لە سنوری پەروەردەی رۆژئاوای پارێزگای سلێمانی، کە بریتین لە گەڕەکەکانی (کودسات ، سارداو، کاریزە وشك ،زەرگە،کانی سپیکە).

**3-3: نموونەی توێژینەوەکە:**

بریتییە لە بەشێك لەو کۆمەڵگەیەی کە خەسڵەتێکی هاوبەشی تێدایە و نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکە دەکات. (بۆکانی، 2016، 126). نموونەی ئەم توێژینەوەیەش پێکدێت لە باوانی منداڵانی تەمەن (4 – 8) ساڵ. بەهۆی دۆخی ناهەمواری بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە جیهان و لە هەرێمی کوردستاندا، توێژەر فۆرمێکی راپرسی ئامادە کردوو بەشێوەی ئۆنلاین بڵاوی کردەوە، لەدوای دوو مانگ لە چاوەڕوانی، تەنها (400) دایك و باوك فۆرمەکەیان پڕکردەوە، هەروەها توێژەر (150) خۆرمیشی— بەشێوەی دەستی و راستەوخۆ بڵاوکردەوە، بەڵام تەنها (100) فۆرم گەڕایەوە بۆ توێژەر، بەم شێوەیە (500) فۆرم گەڕایەوە بۆ توێژەر، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە هەندێك لە باوان بەشێوەیەکی نادروست فۆرمەکەیان پڕ کردبۆوە، کە ژمارەیان (25) فۆرم بوو، لە راپرسییەکە دوور خرانەوە، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە هەندێك لەمنداڵەکان یاری ئەلکترۆنیان بەکار نەدەهێنا، (25) فۆرمی تریش دوور خرانەوە، لە کۆتاییدا تەنها (450) فۆرمی راپرسی مایەوە وەك نموونەی توێژینەوەکە.

**4-3: ئامرازەکانی توێژینەوە:**

بۆ کۆکردنەوەی زانیاری‌و بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە، فۆرمی راپرسی بەکارهێنراوە، کە ئەم ئامرازەش بریتییە لەکۆمەڵێك پرسیار بۆ گەیشتن بەوەڵامێکی دیاریکراو، ئەمەش بەوە جیادەکرێتەوە لەچاوپێکەوتن کە توێژەر واز لەوەڵامدەر دەهێنێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان. (حافظ، 1981، 5)

بۆ ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە، سوود لەخوێندنەوەی چەند سەرچاوەیەکی زانستی نزیك لەبابەتەکەو توێژینەوەکانی پێشوو وەرگیراوە، هەروەها توێژەران، لە فۆرمێکی کراوەدا، چەند پرسیارێکی تایبەت بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەیان خستە بەردەستی (20) باو و دایك، ئەوانەی کە منداڵی (4 بۆ 8) ساڵیان هەبوو، لەم رێگەیەوە، توێژەران زیاتر لە (200) بڕگەی تایبەت بە (یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی دەروونی و گونجانی کۆمەڵایەتی) یان بەدەستهێنا، پاشان بۆ کەمکردنەوە و لە بێژنگدان و پاکنووسکردنی بڕگەکان، توێژەران پەنایان بردەبەر چەند بارەبوونەی هەر بڕگەیەك، ئەو بڕگەیەی لەلایەن باوانی منداڵەکانەوە سێ جار جەختی لێکرابووەوە پەسەند کرا و ئەوەشی کەمتر لە سێ جار جەختی لێ کرابووەوە پەسەند نەکراو وەلا نرا. سەرئەنجام، لەرێگەی فۆرمی کراوەوە توانرا بۆ هەرسێ بواری (یارییە ئەلیکترۆنییەکان) و (یارییە ئەلکترۆنییەکان و پەیوەندییان بە گونجانی دەروونییەوە) و (یارییە ئەلکترۆنییەکان و پەیوەندییان بە گونجانی کۆمەڵایەتییەوە)، (49) بڕگە بەدەست بهێنرێت. جگە لەم بڕگانە، توێژەران بەسود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو و سەرچاوە زانستییەکان، (11) بڕگەی تریان بەدەست هێنا. وەك لە خشتەی ژمارە (1) خراوەتە روو.

خشتەی ژمارە (1) سەرچاوەو چۆنییەتی بەدەستهێنانی بڕگەکان

| ز | سەرچاوەی بەدەست هێنانی بڕگەکان | ژمارەی بڕگە |
|---|---|---|
| 1 | فۆرمی کراوە | 49 |
| 2 | توێژینەوەی (سعاد و هناو) و (بن مرزوق نوال) | 2 |
| 3 | توێژینەوەی (حسن حوسین زیدان) و (هدیل علی قاسم) | 1 |
| 4 | توێژینەوەی (پەروین ابو بکر محمد و نەزیرە سائح محمد) | 3 |
| 5 | توێژینەوەی (محمد لمین فتح الله) | 5 |
| | کۆی گشتی | 60 |

**5-3: راستگۆیی:**

خشتەی ژمارە (3) رێژەی سەدی بڕگەکان بەپێی بۆچوونی شارەزایان سەبارەت بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان

| زنجیرەی بڕگەکان | ژمارەی بڕگەکان | رای شارەزایان: پەسەند کراو | رای شارەزایان: پەسەند نەکراو | رێژەی سەدی | دەرئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| 1، 2، 3، 4، 5، 7، 8، 10، 11، 14، 15، 20 | 12 | 10 | - | %100 | مایەوە |
| 6، 12، 13، 18 | 4 | 9 | 1 | %90 | مایەوە |
| 9، 17 | 2 | 8 | 2 | %80 | مایەوە |
| 16، 19 | 2 | 4 | 6 | %40 | لابرا |

* بۆ دەرخستنی راستیی پێوەری توێژینەوەکە، سەبارەت بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان و پەیوەندی بە گونجانی دەروونییەوە، لەبەر رۆشنایی سەرنج و رێنماییەکانی پسپۆڕاندا (10) بڕگە لەلایەن هەر (10) پسپۆڕەکەوە پەسەند کران و رێژەی (100%) یان بەدەستهێنا و بەبێ هیچ دەستکارییەك وەکو خۆیان مانەوە، (4) بڕگەش رێژەی (90%) و (4) بڕگەش رێژەی (80%) یان بەدەستهێنا، (2) بڕگەش (50%) یان بەدەست هێنا. بەم شێوەیە دەرکەوت کە رێژەی راستگۆیی بڕگەکان (90%)، ئەمەش رێژەیەکی بەرزە و لەڕوی زانستییەوە پەسەنددەکرێت. وەك لە خشتەی ژمارە (4) خراوەتە روو.

خشتەی ژمارە (4) رێژەی سەدی بڕگەکان بەپێی بۆچوونی شارەزایان سەبارەت بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان و پەیوەندی بە گونجانی دەروونییەوە

| زنجیرەی بڕگەکان | ژمارەی بڕگەکان | رای شارەزایان: پەسەندکراو | رای شارەزایان: پەسەندنەکراو | رێژەی سەدی | دەرەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| 22، 24، 25، 26، 27، 28، 29، 31، 39، 40 | 10 | 10 | - | %100 | مایەوە |
| 21، 23، 30، 33 | 4 | 9 | 1 | %90 | مایەوە |
| 35، 36، 37، 38، | 4 | 8 | 2 | %80 | مایەوە |
| 32، 34 | 2 | 5 | 5 | %50 | لابرا |

* بۆ دەرخستنی راستیی پێوەری توێژینەوەکە، سەبارەت بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان و پەیوەندی بە گونجانی کۆمەڵایەتییەوە، لەبەر رۆشنایی سەرنج و رێنماییەکانی پسپۆڕاندا (6) بڕگە لەلایەن هەر (10) پسپۆڕەکەوە پەسەند کران و رێژەی (100%) یان بەدەستهێنا و بەبێ هیچ دەستکارییەك وەکو خۆیان مانەوە، (9) بڕگەش رێژەی (90%) و (2) بڕگەش رێژەی (80%) و (2) بڕگەش (70%) و (1) بڕگەش (60%) ی بەدەستهێنا. بەم

شێوە ئەو بڕگانەی کە (80%) زیاتریان بەدەست هێنابوو، بەبێ هیچ دەستکارییەك پەسەند کران و مانەوە، ئەو بڕگانەشی کە ڕێژەی (80%) کەمتریان بەدەست هێنا بوو، لابران. بەم شێوەیە دەرکەوت کە ڕێژەی راستگۆیی بڕگەکان (85%) یە، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە و لەڕوی زانستییەوە پەسەنددەکرێت. وەك لە خشتەی ژمارە (5) خراوەتە روو:

خشتەی ژمارە (5) ڕێژەی سەدی بڕگەکان بەپێی بۆچوونی شارەزایان سەبارەت بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان و پەیوەندی بە گونجانی کۆمەڵایەتییەوە

| زنجیرەی بڕەگەکان | ژمارەی بڕەگەکان | ڕای شارەزایان | | ڕێژەی سەدی | دەرەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| | | پەسەندکراو | پەسەندنەکراو | | |
| 42، 45، 46، 50، 51، 53 | 6 | 10 | - | %100 | مایەوە |
| 41، 43، 44، 45، 47، 49، 52، 56، 60 | 9 | 9 | 1 | 90% | مایەوە |
| 48، 54 | 2 | 8 | 2 | 80% | مایەوە |
| 55، 57، | 2 | 8 | 2 | 70% | لابرا |
| 59 | 1 | 4 | 6 | 60% | لابرا |

## 6-3: جێگیریی:

جەمکی جێگیریی بەواتای ئەوە دێت کە پێوەرەکە هەمیشە بتوانێت هەمان ئەنجام بەدی بهێنێتەوە، ئەگەر دووجار بەسەر هەمان گروپدا جێبەجێ کرا. (بۆکانی، 2016، 177). باوترین ڕێگەی دەرهێنانی جێگیریی ئامراز، ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوەی پێوەرە بەسەر نموونەیەکی بچووکی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی دوو ئەنجام، دواتر دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوانیاندا، پێوەری گونجاویش ئەو پێوەرەیە کە لە ماوەی نێوان دوو تا سێ هەفتەدا، لە نێوان دوو ئەنجامی پراکتیزەدا هاوکێشەیەکی پەیوەستی بەهێزی هەبێت. (دیلوی، 2006، 166).

ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە چەند جار ئەو تێستە دووبارە و پراکتیزە بکەینەوە لەسەر هەمان نموونە، ئەوا دەبینین هەمان دەرئەنجام یان نزیك لەومان دەداتێ (قەرەچەتانی، 2018، 130).

بۆ دەرهێنانی جێگیریی پێوەرەکە، بۆ بوارەکانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان و پەیوەندی بە گونجانی دەروونیی و کۆمەڵایەتییەوە، توێژەران ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوەی بەکارهێنا، کە بریتی بوو لە (40) دایك و باوك، ئەوانەی کە منداڵی تەمەن (4 بۆ 8) ساڵیان هەیە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لەماوەی نێوان (18) ڕۆژدا دووجار وەڵامی پرسیارەکانی پێوەرەکەیان داوە. لەڕێگەی بەکارهێنانی (هۆلستی - Holsti) رادەی پەیوەستبوونی هەردوو تاقیکردنەوەکە دەرکەوت بەهای جێگیریی پێوەرەکە بریتییە لە (84.3%) ئەمەش مانای وایە جێگیریی لە ئاستێکی بەرزدایە و گونجاوە بۆ جێبەجێکردن. وەك لە خشتەی ژمارە (6) خراوەتە روو

خشتەی ژمارە (6) جێگیریی پێوەرەکە لە نێوان جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم

| ژ | ڕێژەی پەیوەستی هەردوو تاقیکردنەوەکە بۆ هەر فۆرمێك | ژ | ڕێژەی پەیوەستی هەردوو تاقیکردنەوەکە بۆ هەر فۆرمێك | ژ | ڕێژەی پەیوەستی هەردوو تاقیکردنەوەکە بۆ هەر فۆرمێك |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 0.78 | 15 | 0.84 | 29 | 0.98 |
| 2 | 0.98 | 16 | 0.94 | 30 | 0.84 |
| 3 | 0.87 | 17 | 0.84 | 31 | 0.94 |
| 4 | 0.94 | 18 | 0.73 | 32 | 0.68 |
| 5 | 0.87 | 19 | 0.86 | 33 | 0.80 |
| 6 | 0.93 | 20 | 0.90 | 34 | 0.75 |
| 7 | 0.88 | 21 | 0.67 | 35 | 0.80 |
| 8 | 0.94 | 22 | 0.92 | 36 | 0.89 |
| 9 | 0.96 | 23 | 0.94 | 37 | 0.88 |
| 10 | 0.76 | 24 | 0.80 | 38 | 0.86 |
| 11 | 0.80 | 25 | 0.90 | 39 | 0.78 |
| 12 | 0.83 | 26 | 0.86 | 40 | 0.89 |
| 13 | 0.78 | 27 | 0.90 | | |
| 14 | 0.96 | 28 | 0.82 | | |
| | ڕێژەی گشتی جێگیریی پێوەرەکە | | | | %84.3 |

## 7-3: جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوە:

دوای دڵنیابوون لە راستی و دروستی پێوەری توێژینەوەکە، توێژەر پێوەرەکەی بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرد و شێوازی (لیکاتی) بەکارهێنا، کە بریتییە لە بوونی پێنج جێگرەوە بۆ هەر بڕگەیەکی پێوەرەکە، جێگرەوەکانیش بریتی بوون لە (هەمیشە، زۆر جار، هەندێجار، کەمجار، هیچ کاتێك)، نمرەی هەر جێگرەوەیەك بەم شێوەیە بوو: بڕگە پۆزەتیفەکان: (5، 4، 3، 2، 1). بڕگە نەگەتیفەکان (1، 2، 3، 4، 5). پێوەرەکە بەشێوەی کۆتایی (53) بڕگە بوو، (13) بڕگەی پۆزەتیف و (40) بڕگەش نەگەتیف بوو. وەك لە خشتەی ژمارە (7) خراوەتە روو.

خشتەی ژمارە (7) خستەنە رووی بڕگە پۆزەتیف و نەگەتیڤەکانی پێوەرەکە

| ژ | بوارەکانی پێوەرەکە | بڕگەکانی پێوەرەکە | بڕگە نەگەتیڤەکان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | یارییە ئەلیکترۆنییەکان | 1، 2، 3، 4، 6، 7، 8، 9، 10، 15 | 5، 11، 12، 13، 14، 16، 17، 18 | 18 |
| 2 | یارییە ئەلیکترۆنییەکان و پەیوەندییان بە گونجانی دەروونییەوە | 21، 27 | 19، 20، 22، 23، 24، 25، 26، 28، 29، 30، 31، 32، 33، 34، 35، 36 | 18 |
| 3 | یارییە ئەلیکترۆنییەکان و پەیوەندییان بە گونجانی کۆمەڵایەتییەوە | 5 | 37، 38، 39، 40، 41، 42، 43، 44، 45، 46، 47، 48، 49، 51، 52، 53 | 17 |
| | کۆی گشتی | 13 | 40 | 53 |

## 8-3: ئامرازە ئامارییەکان:

1- هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ بۆ دەرهێنانی جێگیریی پێوانکاری توێژینەوەکە.

2- هاوکێشـەی پێرسن Pearson correlation بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان یارییە ئەلکترۆنیەکان بە گونجانی دەروونیەوە و یارییە ئەلکترۆنیەکان بە گونجانی کۆمەڵایەتییەوە.

3- (تی تێستی یەك نموونەیی - one sample t-test) بۆ زانینی جیاوازی نێوان ناوەندی ژمێریی نموونەی توێژینەوەکە و ناوەندی گریمانەیی بۆ گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.

4- (تی تێستی دوو نمونەیی - Indepemdent Tow-sample t test) بۆ دیاری کردنی جیاوازی دوو گۆڕاو

## بەشی چوارەم:

### 1-4 خستنەروو و شیکردنەوەی دەرئەنجامەکان:

**یەکەم:** شیکردنەوەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجی یەکەم: دەرخستنی ئاستی پەیوەندی یارییە ئەلیکترۆنییەکان بە گونجانی دەروونییەوە، لای منداڵانی تەمەن (4 بۆ 8) ساڵ، لەڕوانگەی باوانیانەوە.

خشتەی ژمارە (8) هاوکۆلکەی پەیوەستیی نێوان یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی دەروونیی

| هاوکۆلکەی پەیوەستی | یارییە ئەلیکترۆنییەکان | ئاستی بەڵگەداریی | ئاست و ئاراستەی پەیوەندی |
|---|---|---|---|
| گونجانی دەروونی | 0.384 | 0.000 | ڕاستەوانەی لاواز |

ئەو خشـتەیەی سـەرەوە بریتییە لە هاوکۆلکەی پەیوەسـتیی نێوان یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی دەروونیی، هەروەك دەردەکەوێت بەهاکەی موجەبە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندی نێوان یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی دەروونیی، پەیوەندییەکی ڕاسـتەوانەی لاوازە، واتە بەزیادبوونی یارییە ئەلیکترۆنییەکان، گونجانی دەروونیی زیاد دەکات و بەپێچەوانەشـەوە، (واتە یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی دەروونیی هاو ئاراستەن).

هەروەها لەبەرئەوەی نرخی ئاسـتی بەڵگەداری بۆ هاوکۆلکەی پەیوەسـتیی نێوان یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی دەروونیی یەکسـانە بە (0.000) و بچوکترە لە (0.05)، کەواتە هاوکۆلکەی پەیوەسـتییەکە واتادارە، واتە ئەو ئەنجامە زانستیانەیە و باوەڕپێکراوە.

سـەرئەنجامی ئەم ئامانجە .. تارادەیەك بەپێچەوانەوە دەکەوێتەوە لەگەڵ سـەرئەنجامی توێژینەوەکانی تر کە ئاماژە بە بوونی کاریگەریی نەرێنی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان دەکەن، بەڵام توێژەر لێرەدا ویستویەتی ئەمانەتی زانستی خۆی بپارێزێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ دیاردەی نەرێنی ئەو بابەتانە دەخەینە ڕوو، کە توێژینەوەکانی تر ئاماژەی بۆ دەکەن، بەتایبەت لەڕووی گونجانی دەروونیەوە، بۆنمونە توێژینەوەی (بەرهوم) و توێژینەوەکانی تر ئاماژە بەوە دەکەن کە یارییە ئەلکترۆنیەکان کاریگەریی هەیە لەسـەر گشـت لایەنەکان، ئیدی لایەنی جەستەی، مەعریفی، دەروونی، پەیوەندی خێزانی و کۆمەڵایەتی بێت. ئەگەرچی باس لەهەندێ سـود دەکرێت، بەڵام لایەنی نەرێنی زیاترە. (بەرهوم، 2020، 125).

**ئامانجی دووەم:** دەرخستنی ئاستی پەیوەندی یارییە ئەلیکترۆنییەکان بە گونجانی کۆمەڵایەتییەوە، لای منداڵانی تەمەن (4 بۆ 8). ساڵ، لەڕوانگەی باوانیانەوە.

خشتەی ژمارە (9) هاوکۆلکەی پەیوەستیی نێوان یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی کۆمەڵایەتی

| هاوکۆلکەی پەیوەستی | یارییە ئەلیکترۆنییەکان | ئاستی بەڵگەداریی | ئاست و ئاراستەی پەیوەندی |
|---|---|---|---|
| گونجانی کۆمەڵایەتی | 0.400 | 0.000 | ڕاستەوانەی مامناوەند |

ئەو خشـتەیەی سـەرەوە بریتییە لە هاوکۆلکەی پەیوەسـتیی نێوان یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی کۆمەڵایەتی، هەروەك دەردەکەوێت بەهاکەی موجەبە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندی نێوان یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی ڕاسـتەوانەی لاوازە، واتە بەزیادبوونی یارییە ئەلیکترۆنییەکان، گونجانی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات و بە پێچەوانەشـەوە (واتە یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی کۆمەڵایەتی هاو ئاراستەن)..

هەروەها لەبەرئەوەی نرخی ئاسـتی بەڵگەداری بۆ هاوکۆلکەی پەیوەستیی نێوان یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی کۆمەڵایەتی یەکسـانە بە (0.000) و بچوکترە لە (0.05)، کەواتە هاوکۆلکەی پەیوەسـتییەکە واتادارە، واتە ئەو ئەنجامە زانستیانەیە و باوەڕپێکراوە.

بوونی پەیوەندی لاواز لە نێوان یارییە ئەلکترۆنیەکان و گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی تارادەیەك نامۆیە بە بەراورد بە لێکۆڵینەوەکانی تر چونکە لێکۆڵینەوەکانی تر لەگەڵ ئاماژەیەکی کەم بە ئەگەری بوونی پەیوەندییەکی لاواز لەنێوان یارییە ئەلکترۆنییەکان و گونجانی کۆمەڵایەتییە، کۆمەڵێك لە لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە نەگونجانی کۆمەڵایەتی بەدەر نابێت لە کاریگەریی نەرێنی یارییە ئەلکترۆنیەکان.

لێکۆڵینەوەی (عبدالحفیظ، 2020) ئاماژە بەوە دەکات کە ڕاستەوخۆ هۆگری منداڵ بە ئامێرە ئەلکترۆنییەکانەوە بەتایبەت لەڕێگەی یارییەوە شـێوەواری نەرێنی دەردەخات لەسـەر گونجاندنی کۆمەڵایەتی و ئاوێتەبوونی منداڵ بە یارییە ئەلکترۆنیەکان.. کەمی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە بەتایبەت توانای گونجاندن و هەڵکردنی و هاوڕێیەتیکردن لەگەڵ دەوروبەر کەم دەکاتەوە، بەجۆرێك هەندێجار بەرەو گۆشـەگیری و دابڕان دەچێت لەگەڵ دەوروبەری، تادەگاتە ئەوەی مامەڵەی نامۆو ناجۆر بێت لەگەڵ بنەماکانی کۆمەڵگە. (تقلید، عرف، عادەتەکان)، تەنانەت دوورکەوتنەوە لە یارییە ئەلکترۆنیەکان (عبدالحفیظ ، 2020، 360-365).

ئەمەش وادەکات نامۆییەکە بگاتە ئاسـتی شـڵەژانی دەروونی کۆمەڵایەتی، سـەرئەنجام بگاتە دابڕان و ئاسـتی نامۆیی کۆمەڵایەتی، لەوانەشە دژ بەکۆمەڵی لێ دروست بێت. (بلغار، نصرالدین، 2020، 441).

**ئامانجی سـێیەم:** زانینی پەیوەندی نێوان ئاسـتی یارییە ئەلیکترۆنییەکان بە گونجانی دەروونییەوە، لەگەڵا ئاسـتی یارییە ئەلیکترۆنییەکان بە گونجانی کۆمەڵایەتییەوە، لای منداڵانی تەمەن (4 بۆ 8) ساڵ، لەڕوانگەی باوانیانەوە.

خشتەی ژمارە (10) هاوکۆلکەی پەیوەستیی نێوان گونجانی دەروونیی و گونجانی کۆمەڵایەتی

| هاوکۆلکەی پەیوەستی | یارییە ئەلیکترۆنییەکان | ئاستی بەڵگەداریی | ئاست و ئاراستەی پەیوەندی |
|---|---|---|---|
| گونجانی کۆمەڵایەتی | 0.472 | 0.000 | ڕاستەوانەی مامناوەند |

ئەو خشــتەیەی ســەرەوە بریتییە لە هاوکۆلکەی پەیوەســتی نێوان گونجانی دەروونی و گونجانی کۆمەڵایەتی، هەروەك دەردەکەوێت بەهاکەی موجەبە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەنـدی نێوان گونجانی دەروونی و گونجـانی کۆمەڵایەتی پەیوەنـدی ڕاســـتەوانەی لاوازە، واتە بەزیادبـوونی یـارییە ئەلیـکترۆنـیەکـان، گـونجـانی کـۆمەڵایەتی زیـاد دەکـات و بەپێچەوانەشەوە (واتە گونجانی دەروونی گونجانی کۆمەڵایەتی هاو ئاراستەن).

هەروەها لەبەرئەوەی نرخی ئاســتی بەڵگەداری بۆ هاوکۆلکەی پەیوەســتی نێوان گونجـانی دەروونی و گونجـانی کۆمەڵایەتی یەکســـانە بە (0.000) و بـچـوکـتـرە لە (0.05)، کەواتە هـاوکـۆلـکـەی پـەیوەســـتـیەکە واتـادارە، واتە ئەو ئەنـجـامە زانستیانەیە و باوەڕپێکراوە.

بوونی پەیوەنـدی لە نێوان گونجـانی دەروونی و کۆمەڵایەتیـدا شـتێکی چاوەڕوانکراوە چونکە لە زانسـتی دەرووناسـیدا ڕەفتار دابەش دەکات بۆ چەند لایەنێك وەك لایەنی ژیری و ویژدانی و جولەیی، لەگەڵ کۆمەڵایەتییەکـان جیـا نـاکرێنەوە، چونکە هەمووی لایەنی دەروونییە، تەنها بۆ بابەتی لێکۆڵینەوە نەبێت. گـونـجـانی دەروونی و کـۆمەڵایەتـیـش یەکـتری تەواو دەکەن لەهەمـان کـاتـدا کـاریگـەری ئـاڵوگـۆڕیـان هەیە لەســـەر یەکتر. (خیرالله، 1981، 75)

**ئامانجی چوارەم**: زانینی ئاستی پەیوەندی یارییە ئەلیکترۆنییەکان بەگونجـانی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، لای منداڵانی تەمەن (4 بۆ 8). ســاڵا، بەلەبەرچاوگرتنی جیاوازی ڕەگەزی (نێر و مێ) لەڕوانگەی باوانیانەوە.

خشتەی ژمارە (11) هاوکۆلکەی پەیوەستیی نێوان یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی دەروونیی بەپێی ڕەگەز

| ڕەگەز | ژمارەکان | تەوەرەکان | ژمارەی بڕگەکان | هاوکۆلکەی پەیوەستی | ئاستی بەڵگەداریی | ئاست و ئاراستەی پەیوەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 252 | یارییە ئەلیکترۆنییەکان | 18 | 0.217 | 0.000 | ڕاستەوانەی لاواز |
| | | گونجانی دەروونی | 18 | | | |
| مێ | 198 | یارییە ئەلیکترۆنییەکان | 18 | 0.539 | 0.000 | ڕاستەوانەی مامناوەند |
| | | گونجانی دەروونی | 18 | | | |

ئەو خشــتەیەی ســەرەوە بریتییە لە هاوکۆلکەی پەیوەســتی نێوان یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی دەروونی بەپێی ڕەگەز، هەروەك دەردەکەوێت هەردوو هـاوکـۆلـکەکـان مـوجەبـن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنـێـت کە پەیـوەنـدی نـێـوان یـارییـە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی دەروونی بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، پەیـوەنـدی ڕاســـتەوانەیە، واتە بەزیـادبـوونی یـارییـە ئەلیـکترۆنـیەکـان، گـونجـانی دەروونی زیـاد دەکـات و بە پێچەوانەشـــەوە، (واتە یـارییە ئەلیکترۆنییەکـان گـونجـانی دەروونی هاو ئاراستەن لە هەردوو ڕەگەزدا)، بەڵام لەبەرئەوەی هاوکۆلکەی پەیوەستیی بۆ ڕەگەزی مێینە کە دەکاتە (0.539)، گەورەترە لە هـاوکـۆلـکەی پەیوەســـتـیی نـێـوان یـارییە ئەلیکترۆنییەکـان و گونجـانی دەروونی بۆ ڕەگەزی نێرینە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەڕەگەزی مێینەدا، پەیوەنـدی نێوان یـارییە ئەلیکترۆنییەکـان و گونجـانی دەروونی بەهێزترە وەك لە ڕەگەزی نێرینە.

هەروەها لەبەر ئەوەی نرخی ئاستی بەڵگەداری بۆ هاوکۆلکەکانی پەیوەســتیی نێوان یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی دەروونی یەکســانە بە (0.000) و بچوکترە لە (0.05)، کەواتە هەردوو هـاوکۆلکەی پەیوەســـتییەکە واتـادارن، واتە ئەو ئەنجـامـانە زانستیانەیە و باوەڕپێکراون.

خشتەی ژمارە (12) هاوکۆلکەی پەیوەستیی نێوان یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی کۆمەڵایەتی بەپێی ڕەگەز

| ڕەگەز | ژمارەکان | تەوەرەکان | ژمارەی بڕگەکان | هاوکۆلکەی پەیوەستی | ئاستی بەڵگەداریی | ئاست و ئاراستەی پەیوەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 252 | یارییە ئەلیکترۆنییەکان | 18 | 0.287 | 0.00 | ڕاستەوانەی لاواز |
| | | گونجانی کۆمەڵایەتی | 17 | | | |
| مێ | 198 | یارییە ئەلیکترۆنییەکان | 18 | 0.519 | 0.00 | ڕاستەوانەی مامناوەند |
| | | گونجانی کۆمەڵایەتی | 17 | | | |

ئەو خشتەیەی سەرەوە بریتییە لەهاوکۆلکەی پەیوەستیی نێوان یـارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجـانی کۆمەڵایەتی بەپێی ڕەگەز، هەروەك دەردەکەوێـت هەردوو هـاوکـۆلـکەکـان مـوجەبـن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنـێـت کە پەیـوەنـدی نـێـوان یـارییـە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی کۆمەڵایەتی بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، پەیـوەنـدی ڕاســـتەوانەیە واتە بەزیـادبـوونی یـارییـە ئەلیکترۆنییەکـان، گـونجـانی کۆمەڵایەتی زیـاد دەکـات و بە پێچەوانەشـــەوە، (واتە یـارییە ئەلیکترۆنییەکـان و گـونجـانی کـۆمەڵایەتی هـاو ئـاراســـتەن لە هەردوو ڕەگەزدا)، بەڵام لەبەرئەوەی هـاوکۆلکەی پەیوەســـتیی بۆ ڕەگەزی مێینە کە دەکاتە (0.519) گەورەترە لە هاوکۆلکەی پەیوەســـتیی نێوان یـارییە ئەلیکترۆنییەکـان و گـونجـانی کۆمەڵایەتی بۆ ڕەگەزی نـێـرینە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنـێـت کە لەڕەگەزی مـێـینەدا پەیوەندی نێوان یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی کۆمەڵایەتی بەهێزترە وەك لەڕەگەزی نێرینە.

هەروەها لەبەرئەوەی نرخی ئاسـتی بەڵگەداری بۆ هاوکۆلکەکانی پەیوەستیی نێوان یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی کۆمەڵایەتی یەکســانە بە (0.000) و بچوکترە لە (0.05)، کەواتە هەردوو هـاوکۆلکەی پەیوەســـتـیەکە واتـادارن، واتە ئەو ئەنجـامـانە زانستیانەیە و باوەڕپێکراون.

ســەرئەنجامی ئەم ئامانجە کە ئاماژە بە پەیوەندی نێوان یارییە ئەلکترۆنیەکان و گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتییە وە لەهەمان کاتدا پەیوەندییەکە لە قازانجی کچانە لەهەردووکیان ئەمەش لەوانەیە جیـاوازبێـت لەگەڵ زۆرێـك لە لێکۆڵینەوەکـانی تر بـۆنـمـوونە (گـرونە 2018) ئـامـاژە بەوە دەکـات کە ڕەگەز کاریگەری هەیە لەســـەر گونجـانـدنی دەروونی کۆمەڵایەتی بە

شێوازێکی گشتی لەلایەن ئەو منداڵانەی کە یاریە ئەلکترۆنیەکان بەکار دەهێنن و لە قازانجی کوڕانە. (گرونە، 2018، 89).

## 2-4 دەرئەنجامەکان

1. پەیوەندی نێوان یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی دەروونیی، پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە.
2. پەیوەندی نێوان یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی ڕاستەوانەیە.
3. پەیوەندی نێوان گونجانی دەروونیی و گونجانی کۆمەڵایەتی پەیوەندی ڕاستەوانەیە.
4. پەیوەندی نێوان یارییە ئەلیکترۆنییەکان و گونجانی دەروونیی بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، پەیوەندی ڕاستەوانەیە.

## 3-4 ڕاسپاردەکان

لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخاتە ڕوو:

1. لایەنە پەیوەندیدارەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن، هەوڵی زیاتر بدەن بۆ هۆشیارکردنەوەی باوانی منداڵان لەسەر چۆنییەتی و کاتی بەکارهێنانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان لای منداڵەکانیان.
2. دایکان و باوکانی لە ئێستا باشتر چاودێری منداڵەکانیان بکەن سەبارەت بە یاریکردنیان بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان کە گونجاوبێت لەگەڵا تەمەنی منداڵەکانیاندا.
3. لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێگری بکەن لە هاوردەکردنی ئەو یارییە ئەلیکترۆنیانەی کە گونجاو نین بۆ تەمەنی منداڵی.
4. پڕکردنەوەی کاتی بەتاڵی منداڵان بەو یارییانەی کە جەستەیین و جووڵیان زۆرە لە لایەن دایکان و باوکانەوە، بۆئەوەی منداڵان کەمتر پەنا بەرنەبەر بەکارهێنانی یارییە ئەلکترۆنیەکان.
5. ڕێکخراوەکانی تایبەت بە منداڵان، گرنگی زیاتر بدەن بە چالاکی وەرزشی و هونەری نواندن و مۆسیقا و گۆرانی بۆ منداڵان، بۆئەوەی کەمترین کات یارییە ئەلیکترۆنییەکان بەکار بهێنن.

## 5-4 پێشنیارەکان

لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم پێشنیارانە دەکات:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، لە شوێن و ناوچە و شارەکانی تر ئەنجام بدرێت، لەگەڵ فراوانکردنی قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە.
2. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، بەلەبەرچاوگرتنی تەمەنەکانی تر بۆ نموونەی توێژینەوە، بۆئەوەی ڕەهەند و کاریگەرییەکانی تری یارییە ئەلیکترۆنییەکانمان بۆ دەربکەوێت.
3. ئەنجامدانی توێژینەوەی تر لەسەر ڕۆڵا و کاریگەریی یارییە ئەلکترۆنییەکان بەگۆڕاوی ترەوە، وەك: (گرفتی زمان لای منداڵا، متمانەبەخۆبوون، شەرەنگێزی، ترس.. هتد)، جیاواز لە گۆڕاوەکانی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی.
4. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، بە بەکارهێنانی میتۆدی ئەزموونی بەراوردکاری، لە نێوان ئەو منداڵانەی کە یارییە ئەلیکترۆنییەکان دەکەن و ئەو منداڵانەی کە یارییە ئەلیکترۆنییەکان ناکەن، بۆئەوەی بزانرێت گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای کام گروپ زیاترە و لای کام کەمترە و بۆچی؟
5. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، بە بەکارهێنانی میتۆدی ئەزموونی بەراوردکاری، لە نێوان منداڵان و هەرزەکاران و گەنجان کە یارییە ئەلیکترۆنییەکان دەکەن و بەراوردکردنیان لەگەڵا یەکدا، بۆئەوەی بزانرێت گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای کامیان زیاترە و لای کامیان کەمترە و بۆچی؟

## لیستی سەرچاوەکان


**سەرچاوە کوردییەکان:**

1. بابان،احمد علی و محمد،نازەنین عسمان،2019:ڕێنامەیپەروەردەو فێرکردنی سەرەتایی منداڵ،چ1،چاپخانەی تاران سلێمان
2. بۆکانی، سابیر بکر 2016: میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی.
3. بۆکانی، سابیر بەکر مستەفا، 2020: ئنسکلۆپیدیای زانستە دەروونیەکان، چ1، خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، هەرێمی کوردستان
4. زهودی، میران، 2016: دەروونناسی گەشەکردن، چ1، غەزەلنوس، سلێمانی.
5. عزیز، عزالدین احمد، 2017: بنەماکانی دەروونزانی گشتی، چ6. چاپخانەی ڕۆهەڵات، هەولێر.
6. قەرەچەتانی، کریم شریف 2018: پێوان و هەڵسەنگاندن لە بواری پەروەردەو دەروونزانی، زبانی صلح، تهران، ئێران.
7. قەرەچەتانی، کەریم شەریف، 2009: سایکۆلۆژیای گەشە، چ1، چاپخانەی پەیوەند سلێمانی.

**سەرچاوە عەرەبیەکان**

1. قنديل، محمد متولى، بدوى، رمضان مسعد، 2007: الالعاب التربوية في الطفولة المبكرة، ط1، دار الفكر، عمان.
2. المريط، مصطفى، 2020: الالعاب الالكترونية والاطفل: تاملات تحليلية في ابعاد التاثير، جامعة سيدى محمد بن عبدالله بفاس، المملكة المغربية.
3. الحشوري، مها حسين، 2008، الالعاب الألكترونية في عصر العولمة مالها وما عليها، دار المسيرة.
4. الداهري، صالح حسن احمد، 2008: اساسيات التوافق النفسي_ والاضطرابات السلوكية والانفعالية (الأسس والنظريات) ، گ1، دار صفاء لنشر والتوزيع، عمان.
5. الزبيدى، هيثم احمد، محمد، سولاف فائق، 2013: سيكولوجية اللعب التعليمي في رياضه الاطفال، مطگبعه چوارچرا، السليمانية.
6. حسين، اماني عبدالتواب صالح، 2017، تاثير الالعاب الألكترونية على الذكاء اللغوي والاجتماعي لدى الاطفال، جامعة الازهر، مصر.

7. العسبول، فاضل عباس خليفة، فتيل، موسى، 2019: مستوى التوافق النفسي وعلاقته بعض المتغيرات لدى طلبه الجامعة الأهليه في مملكة البحرين، (مجلة اوراق ثقافية) ، بيروت، لبنان.
8. عوض، عباس محمود، 1990: الموجز في الصحة النفسية، دار المعارف، مصر.
9. عبد المجيد ،مدحت ، 2009 : الصحة النفسية والتوافق المدرسي، دار المعرفة الجامعية.
10. سفيان، نبيل ،2004: المختصر في الشخصية والارشاد النفسي (المفهوم – النظريه – النمو – التوافق – الاضطرابات – الارشاد والعلاج). القاهر، ايتراك للنشر والتوزيع.
11. الشادلي، محمد، 2001: الواجبات المدرسية والتوافق النفسي، المكتبة الجامعية، الإسكندرية.
12. حافظ، ناهيدة عبدالكريم 1981: مقدمة في تصميم البحوث الإجتماعية، مطبعة معارف، بغداد.

**سەرچاوە ئینگلیزیەکان**

1. Pepe, K: (2011) . A Study on the Playing of Computer Games, Class Success and
2. Attitudes of Parents to Primary School Students. Educational Research and Reviews M. ,&Schoenmakers, T.. (2014)

**سەرچاوەی ئەکادیمی کوردی:**

1. محمد امین، شیرین صالح، 2015، ڕەوشی پیلانی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستاندا قوتابخانە بنەڕەتیەکانی شاری سلێمانی بە نمونە، ماستەر نامەی بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی کۆمەڵناسی.

سەرچاوەی ئەکادیمی عەرەبی:

1. الكحلويت، اماني حمدي شهاده، 2011: دراسة مقارنة للتوافق النفسي الاجتماعي لدى أبناء العاملات وغير العاملات في المؤسسات الخاصة في مدينة غزة، رسالة الماجستير، كلية تربية وعلم النفس، جامعة الاسلامية الغزه.
2. الزاملي، محمد موحان ياسر، 2011: السلوك التوكيدي وعلاقته بالتوافق النفسي.
3. والاجتماعي لدى طلبه معهد إعداد المعلمين في محافظة كربلاء، رسالة الماجستير، كلية تربيه، جامعة كربلا.
4. خضر رضا، 2020، تاثير الالعاب القتالية الألكترونية على الاەفل في ظلل جائحة كورونا (لعبة فري فاير ولعب ببجي، جامعة باجي مختار، الجزائر.
5. فتح الله، محمد لمين، 2020: اثر الالعاب الألكترونية على الاطفل، جامعة باجي مختار، جزائر.
6. قويدر، مريم، 2012: أثر الألعاب الألكترونية على سلوكيات لدى الأطفال، رسالة ماجستير، كلية علوم الاعلام والانصال، كلية العلوم السياسيه والاعلام، جامعة الجزائر.
7. قويدري، بشير، 2020: مخاطر الالعاب الألكترونية على الاطفال و بدائلها، جامعة غرداية، الجزائر.
8. جابر، محمد حسن، 1995، موقع الضبطگ وعلاقته بالتوافق النفسي والاجتماعي لطلبة. جامعة بغداد، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، ابن رشد، بغداد.
9. الواعي، دلال، 2017، تأثير الالعاب الألكترونية على سلوك الطفل الجزائري، رسالة الماجستير، جامعة العربي بن مهيدى – ام البواقي.
10. برهومى، سمية محمد صالح، 2020، تأثير الالعاب الألكترونية على جوانب صحه الطفل في ظلل جائحة كوفيد 19، جامعة العربي التبسى، الجزائر.
11. ابتسام، رايس على، 2020: ادمان اللعب الالكتروني واضطرابات النوم (مداخله نظريه) ، كلية اعلام واتصال، جامعة وهران 1، الجزائر.
12. المساجدي، خاليد صالح يحيى احمد، 2020، تأثير الالعاب الألكترونية على الاطفال وسبل الوقاية من الاثار السلبية الناتجة عنها: دراسه نظرية، كلية تكنولوجيا الحديثه –صنعاء، الجمهورية اليمنية.
13. بن مرزوق، سعادو هناء، 2016: الالعاب الألكترونية العنيفية وعلاقه بانتشار ظاهرة العنف المدرسي، رسالة ماجستير، كلية علوم الاجتماعية والانسانية، قسم العلوم الاجتماعية، جامعة الجيلالي بونعامة خميس مليانة.
14. السراج، هالة، 2011: استجابة الحزن والتوافق النفسي لدى الأطفال بعد الحرب الأخيرة على غزة وعلاقتها ببعض المتغيرات، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، قسم علم النفس، الجامعة الإسلامية، غزة.
15. لبزيد، حنان، 2015: مركز التحكم وعلاقته بالتوافق النفسي لدى تلاميذ سنة ثالثة ثانوي دراسة ميدانية بثانوية محمد عبد الرحمان الديسي بمدينة بوسعادة، قسم علم النفس، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، جامعة محمد بوضياف المسيلة.
16. الحجار، بشير، 2003: التوافق النفسي والاجتماعي لدى مريضات سرطان الثدى بمحافظات غزة وعلاقته ببعض المتغيرات، رسالة ماجستير، الجامعة الإسلاميه، كلية التربية، علم النفس.
17. قهلوز، منير، فاطمة عرقايبي، ابريل- 2020: الالعاب الألكترونية وعلاقاتها بالتحصيل الدراسي لدى تلاميذ المرحلة الابتدائية، مجلة العربية للتربية النوعية، عدد 12، جامعة باتنه – الجزائر.
18. بوشامة، نور الهدى، ريمة غيول، 2016: دور الروضة في تحقيق التوافق النفسي والاجتماعي لدى الطفل، رسالة ماجستر، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، جامعة محمد الصديق اليحي.
19. كمال، 2012، المناخ المدرسى وعلاقه بالتوافق النفسي والاجتماعي لدى المراهق، رسالة ماجستير، كلية علوم الاجتماع، جامعة وهران.
20. ديلوى، هيوا حاجى، (2006): الاتجاهات التعصبية بين الجماعات العرقية، دراسة اجتماعية في اقليم كوردستان- العراق، مؤسسه موكريان للطباعه و النشر، اربيل.

**گۆڤارە کوردیەکان :**

1. محمد، پەروین ابوبكر، نەزیرە صالح محمد، 2015: ڕۆڵی یاریی لە گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵدا لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی ساوایانەوە، ژمارە 47، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی.
2. حمە، احمد علی، 2019، ئاستی خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی و خۆگونجاندنی خوێندنی لای خوێندکارانی قۆناغی (10 – 11) ی ئامادەیی لە سەنتەری شاری

سـلێمانی، گۆڤاری زانکۆی سـلێمانی بەشی (B) زانسـتە مرۆڤـایەتیەکـان، کۆیژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.

**گۆڤارە عەرەبیەکان**

1. سـيـد احمـد، د. رنـده محمـد، 2020: العلاقه بين المخططات المعريفية اللاتكيفيه فى خدمة الفرد وادمان الالعاب الألكترونية لدى عينة من الطالبات الجامعيات: دراسـه تنبؤيه، مجلة دراسـات فى الخدمة الاجتماعية والعلوم الانسانية، عدد 51.
2. الانصـارى، رفيده بنت عدنان حامد، 2020: الألعاب الألكترونية ومدى تأثيرها فى تكوين ثقافه الطفل) - كلية الأداب والعلوم الإنسانية – جامعة طيبة، مجله مركز بابل للدراسات الانسانية، المجلد، 10 العدد1.
3. المطيري، نجود وازن، حمزة سـليمان بن خالد، 2020: مسـتوى التوافق النفسيـ والاجتماعي للتلميذات ذوات صعوبات التعلم من وجهة نظر معلمات الصف العادي فى مدينة جده، المجلة العربية لعلوم الإعاقة والموهبة، عدد 15.
4. ديلوى، هيوا حاجى، (2006): الاتجاهات التعصـبية بين الجماعات العرقية، دراسة اجتماعية في اقليم كوردستان- العراق، مؤسسه موكريان للطباعۆ و النشر، اربيل.
5. عبدالحفيظ، موسـاوي، 2020: مظاهير تأثيرات الالعاب الألكترونية على الاطفل في زمن كورونا، جامعة جيلالى اليابس سيدى بلعباس، الجزائير.
6. بلغار، نصرـالدين، مصـعب، مهداوى، 2020، الالعاب الألكترونية و اثرها سـلوك الطفل خلال ازمه كورونا كوفيد19، جامعة جزائر 3.
7. الطراونة، ردينه خضر إبراهيم، 2018: التوافق النفسي والاجتماعي للطلبة ذوي الإعاقة في جامعة مؤته، مجلۆ كلية التربية، جامعة الأزهر، العدد 180 الجزو الأول.